## گفتوگۆ لەگەڵ مەریوان هەڵەبجەیی ... سازدانی: ڕۆژنامەی خۆر لە شاری ڕانیە

پ/ ڕێپێوانی ئەو كۆمەڵە خەڵە لەخەڵك لە شاری سلێمانی و شارەزورو هەڵەبجە كە ڕێپێوانیان دژی تۆ كرد لەگەڵ تەكفیركردنت لەسەر چییە؟ ئایا لەسەر كتێبەكەتە یاخود شتی تری بەدواوەیە تۆچۆنی لێك ئەدەیەوە؟

و/ ئەو دیاردەیە ئەگەرچی شارستانییە بەڵام ئەوەی لەبەرانبەرمندا كرا، ئیفلاسی فیكری حزبە ئیسلامیەكان بوو، بە یەكگرتوی ئیسلامی و كۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەوە، گەر ئەوان وەڵامێكی زانستی و لۆژیكیان پێ بوایە پێویستی بەهات و هاوارو قاووقیژ نەدەكرد، دەبوو مۆدێرنانەتر ڕوبەڕووی من بونایەتەوە، ئەوەی كردویانە هاندانی خەڵكی ساویلكەو كاڵفام بوو بۆ جێبەجێكردنی ئەو فتوایانەی كەلە مزگەوتەكان و كەناڵەكانی ڕاگەیاندنیاندا دەربارەی كوشتنی من پەخشیان كردبوو.

پ/ هەڵوێستی ڕێكخراوە پیشەیی و ڕۆشنبیریەكان چی بووە لە پەیوەند بە قەزیەی تۆوە تا ئێستا؟

و/ ئەوەندە دەزانم كە دەنگۆیەك هەیە ڕێكخراوەكانی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ئازادی خوازان بەگشتی دەیانەوێت حەملەیەك بۆ پشتگیری من ساز بدەن كەتیایدا بەیاننامەو نارەزایەتی بەرامبەر فتواچیە ئیسلامیەكان دەربكەن و ڕێپێوانێكیش بۆ پاڵپشتی لە ئازادی ڕادەربڕین ساز بكەن، بەڵام ئالیەتی ئەوكارە هێشتا مەیسەر نەبووە نایانەوێت وەك ئیسلامیەكان بكەن.

پ/ كاردانەوەی هێزە ئیسلامیەكان بەرامبەرت چی بووە ئەوەندەی كە بەرامبەرت كرابێ؟

و/ لەبەر ئەوەی خۆم شاردۆتەوەو هیچ كەسێك بەشوێنم نازانێ بۆیە ئەگەر نیازیشیان هەبوو بێ دیارنییە، بەڵام لەڕێگای مۆبایلەكەمەوە كۆمەڵێك هەڕەشەم بۆ دێت بێ ئاگا لەوەی كە قسەكانیان تەسجیل كراوەو ژمارەی تەلەفۆنەكانیان لەلام پارێزراوە، هەركاتێك بمەوێ لەماوەی بیست و چوار سەعاتدا دەدۆزرێنەوە، بەڵام تا ئێستا بڕیاری لەم شێوەیەم نەداوە.

پ/ تا ئێستا هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانی بیانی و ڕێكخراوەكان چی بووە بۆت؟

و/ لەلایەن فیدراسیۆن بۆ مافی مرۆڤ وئینتەر ناشناڵی سویدیەوە و چەند وڵاتێكی تری ئەوروپا بەیاننامەیەك دەرچووە تێیدا ئیدانەی ئەو توندوتیژیە دەكەن كە ئاڕاستەی من كراوە هەموو لایەكیشیان ئاگادار كردۆتەوە كە باری ئەمنی من بەهەموو شێوەیەك بپارێزن، هەروەها بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراق لەدەرەوە بەیاننامەی خۆیان دەركردووەو چەند كەمپینێك لە سایتەكانی ئینتەرنێت بۆ پشتگیری من كراوەتەوە، كۆمەڵێك كاری تریش هەن لەم ڕۆژانە جێبەجێ دەكرێن.

هەروەها حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق و ڕێكخراوی كوردستانی ئەو حزبە پشتگیری تەواویان كردووم و سایتەكەیان بۆ واڵاكردووم، جگە لەو كۆمەك و چاوپێكەوتنانەی كە ڕادیۆی هاوپشتی لە سوید سازدراوە.

لەوەڵامی پرياری ئەوەی كە ئایا لە ئایندەدا شوێنی ژیانی هەر كوردستان دەبێن یاخود دەچێتە دەرەوەی وڵات؟ مەریوان هەڵەبجەیی گوتی: داوای لێبوردن لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەكەم.